بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
138
10 ی ئاب/ ئۆگەستی 2026



# پەکەکەو چارەنوسێکی تراژیدی!

موحسین کەریم

دوای ڕاگەیاندنەکەی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا بەوەی ئۆجەلان بێتە پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە ڕابگەیەنێت، کە لەلایەن ئۆردوگانیشەوە پشتیوانی لێکرا و بانگەوازی ئۆجەلان لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، سەرەنجام ئەو پرۆسەیەی کە دەوڵەتی تورکیا بە "تورکیای بێ تیرۆر" و ئۆجەلان و پەکەکەش بەناوی "ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیک" ناوی دەبەن، بەوە گەیشت کە ڕۆژی ٥ی ئەم مانگە، لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە پرۆژەیەکی ١٢ خاڵی لەژێرناونیشانی: "پرۆژە یاسای بەهێزکردنی هاوپشتی نیشتمانی و یەکگرتوویی کۆمەڵگا"! پێشکەشی پەرلەمان بکرێت. بڕیارە سبەینێ ١٠ی ئابی ٢٠٢٦ لە کۆبونەوەی ئاسایی پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت!

خاڵە سەرەکیەکانی پرۆژەکە تەرخانە بۆ چەکدانانی پەکەکەو هەموو ئەو ڕێکخراوەو پێکهاتەو گروپانەی کە پێوەی پەیوەستن و کۆتاییهاتن بە هەڵسوڕانی سیاسی و چەکداری پەکەکە و پێکهاتەو درێژکراوەکانی لەژێر چاودێری و پەسەندکردنی دامەزراوە ئەمنیەکانی تورکیادا. چەکەکان دەبێ ڕادەستی لیژنە ئەمنیەکانی دەوڵەتی تورکیا بکرێ کە لە کوردستانی عێراق جێگیر دەبن بۆ ئەو مەبەستە!

بەرامبەر بە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و ڕادەستکردنی چەک و پەسەندکردنی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی تورکیاوە، چارەنوسی دەستگیرکراوان و زیندانە سیاسیەکانی پەکەکە، ئەوانەی کە تاوانی کوشتنیان ئەنجام نەداوە یان سزای هەتاهەتایی نەدراون، لەناو پرۆسەیەکی ٥- تا ١٠ ساڵی تاقیکردنەوەدا گوزەر دەکات

بۆ لاپەڕە ٢



# سەردانی زەیدی بۆ واشنتن و تاران!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



# ڕێکەوتنی مەککە!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٥



# کارەبا مافە نەک کاڵا؛ با "ڕووناکی" نەبێتە سزای هەژاری!

توانا محمد نوری

بۆ لاپەڕە ٦

# پێکەوەگرێدانی هورمز و بابلمەندەب!

عوسمانی حاجی مارف.

............بۆ لاپەڕە ٦

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی....... پەکەکەو چارەنوسێکی تراژیدی!

که لەژێر چاودێری دەزگای "میت" دا دەبن و ئەگەر لەوماوەیەدا هیچ تاوانێک نەکەن، سزاکەیان لەسەر هەڵدەگیرێت! هەروەها دوای بڵاوکردنەوەی بڕیاری پەیوەندیدار له گۆڤاری فەرمیدا، ئەو کەسانەی دەیانەوێت له یاساکە سوودمەند بن دەبێت له ماوەی ٦ مانگدا داواکاریی نووسراو پێشکەش دەکەن. لێرەدا تەنانەت چارەنوسی چەکدارانی پەکەکە دیار نیە که ئایا دەتوانن بچنەوە ناو تورکیاو ژیانی ئاسایی و مەدەنی دەست پێبکەنەوە!؟ ئایا دەتوانن چالاکی سیاسی بکەن!؟ وەکو ڕاگەیەنراوە ئۆجەلان و نزیکەی ٢٠٠ سەرکردەی پەکەکە ناتوانن لەو یاسایە سوود وەربگرن!

ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە، لەلایەن ئۆجەلان و پەکەکەوە ناوی لێنراوە "پرۆسەی ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیک" بەڵام لەڕاستیدا پرۆسەی کۆتاییهێنانە بە هەڵسوڕانی سیاسی- چەکداری پەکەکەو رزگاربوونی دەوڵەتی تورکیایە له سەریەشەیەکی سیاسی- ئەمنی- ئابوری که پەکەکە بۆی دروست کردوە. هەڵپەی باخچەلی نەتەوەپەرست و شۆڤێنی و ئۆردوگانی فاشیست و دژە ئازادی و سەرکوتگەری هەرجۆرە دەنگێکی نەیاری سیاسی خۆی و دەسەڵاتەکەی، بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان له زیندانەوە، بۆئەوە نیە که کۆمەڵگای تورکیا بەرەو دیموکراسی بەرن و دامێنی ئازادیە سیاسیەکان فراوان و مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هاوڵاتی کوردزمان دەستبەربکەن، بەڵکو لەژێر کاریگەری دۆخی سیاسی و ئەمنی سەربازی ناوچەکەدا، دەیەوێ له سازدانەوەی هاوکێشە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی ناوچەکەدا وەکو یاریزانێکی هەرێمی خاوەن بڕیار جێگابگرێت! ئەوەش بەبێ چارەسەری پرسی پەکەکە لەتوانادا نابێت، چونکە کەیسی پەکەکە دەتوانرێ وەکو کارتێکی فشار لەلایەن دەوڵەتە نەیارەکانی تورکیاوە بەکاربهێنیرێ و یاریەکەی لێ تێک بدەن!

لەڕاستیدا ئەم پرۆسەی بەناو ئاشتیە، پرۆسەی کۆتاییهێنانە بە بوونی سیاسی- چەکداری و خۆڕادەستکردنی پەکەکەیە، هەر بەو مانایەش لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە ناوی لێنراوە پرۆسەی" تورکیای بێ تیرۆر"! چونکە بەپێی ئەزمونە مێژووییەکان، پرۆسەی ڕێکەوتنی زۆریک له گروپە چەکدارەکان لەگەڵ دەوڵەتەکانیاندا، بەوجۆرە بەڕێوە نەچووە. بۆنمونە ریکەوتنی نێوان بزوتنەوەی ( فارک) ی چەپگەرای کۆلۆمبیا و دەوڵەت ساڵی ٢٠١٦، ڕێکەوتنی بزوتنەوەی مائۆیستی نیپاڵ و حکومەتی نیپاڵ ساڵی ٢٠٠٦ ، ڕێکەوتنی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی فلیپین و حکومەتی ئەو ولاتە ساڵی ٢٠١٤..تاد، دوای ئەوەی ئاگربەست ڕاگەیەنراوە، چەکەکان ڕادەستی نەتەوە یەکگرتوەکان کراوەو پرۆسەکە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکاندا چووەتە پێشەوەو ئاکامەکەشی بە بەشداری ئەو هێزانە گەیشتوە له ژیانی سیاسی ئەو وڵاتانەدا و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ماف و دەستکەوتی سیاسی بووە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەش. تەنانەت ڕێکەوتنی نێوان رژێمی بەعس و بزوتنەوەی بارزانی ساڵی ١٩٧٠ نمونەیەکی ڕێکەوتنی سیاسی نێوان دەوڵەت و بزوتنەوەیەکی چەکداری نەیاری بوو! بەڵام ئەم بەناو ڕێکەوتنەی نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئۆجەلان- پەکەکە لەژێر چاودێری هیچ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتیدا بەڕێوە ناچێت و دەبێ چەکەکانیان ڕادەستی دەزگا ئەمنیەکانی تورکیا بکەن. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو سەرکردەکانیشیان ناتوانن بچنەوە تورکیاو و ئەندامانی پەکەکە، ئەوانەی دەتوانن بگەڕێنەوە مافی چالاکی سیاسیان پێنادرێ و لەژێر چاودێری میتی تورکیدا دەبن و لێبوردنێکی گشتیش بۆ زیندانیەکان و بۆ چەکدارەکانی پەکەکە دەرناکرێ، تەتانەت وەکو ئەو لیبوردنە گشتیەی رژێمی بەعس دەریکرد بۆ چەکدارەکانی بزوتنەوەی بارزانی و بگرە زۆریک له بەرپرسەکانیان له دوای شکستی بزوتنەوەکەشدا له ساڵی ١٩٧٥دا!

بەوجۆرە ئەوەی لەنێوان تورکیا و ئۆجەلان- پەکەکەدا رودەدات، نەک رێکەوتن نیە لەنێوان دوو لایەندا کە دوای ساڵانێکی زۆر له شەڕ و کوشتار و وێرانکاری بەو ئاکەمە گەیشتوون دەستبەرداری جەنگ بن و ڕێکەوتنی سیاسی بکەن! لەم پرۆسەیەدا دەوڵەتی تورکیا هەموو شتێکی دەست دەکەوێ، بەڵام پەکەکە و خودی ئۆجەلان نەک هیچیان دەست ناکەوێ، بەڵکو وەکو لایەنێکی تیرۆریست لەروانگەی دەوڵەتی تورکیاوە کۆتاییان پێدێت! ئەو هەزاران قوربانیەی لەناو ریزەکانی پەکەکەداو گوایە بۆ رزگاری کورد کرانە قوربانی و ئەو هەموو زیندانی و وێرانکاریەی روبەروی خەڵکی تورکیاو خەڵکی کوردی تورکیا بوەوە، هەمووی لەچوارچێوەی کۆتایی تیرۆردا دەچیتە ناو مێژووی سیاسی تورکیاوە! بێگومان خەڵکی کوردستانی تورکیاش نەک هیچی بەنسیب نەبوو، بەڵکو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و کێشەی کورد له تورکیا بەشێوازی دیکە بەردەوام و درێژەی دەبێت!

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.net/ku/
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100077197332210

# سەردانی زەیدی بۆ واشنتن و تاران!

عوسمانی حاجی مارف

کاتێ ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی عێراق سپێردرا بە عەلی زەیدی، ئیدارەی ترەمپ کە پێشتر نارەزاییان دەردەبڕی بەرامبەر بە کاندیدکردنی مالیکی و کەسایەتیە نزیکەکانی ئێران و کوتلەکانی حەشدی شەعبی، پەلەیان کرد لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی خۆیان بۆ زەیدی، ترەمپ یەکەم کەس بوو پیرۆزبایی لێکرد، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی نێوان ترەمپ و زەیدی لە ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٦، لەو ماوەیەدا ترەمپ بانگهێشتی زەیدی کرد بۆ سەردانی واشنتن دوای پێکهێنانی حکومەت.

پاڵپشتیکردنی ئەمریکا لە حکومەتەکەی زەیدی، ڕێگەی گەیشتنە بە چەند ئامانجێک، لەوانە: پاڵنانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی پەیوەست بە سوپای پاسدارانی ئێران، ڕاگرتنی قاچاخی دراوی قورس لە عێراقەوە بۆ ئێران، دروستکردنی دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان لە عێراق، پتەوکردنی پەیوەندیە ئابوریەکانی لەگەڵ سوریا، بە پلەی یەکەم ئەوەی گرنگە بۆ ئەمریکا، بەغدا خۆی لە نفوزی ئێران دوور بخاتەوە و لەگەڵ باقی هاوپەیمانە ئەمریکیەکانی ناوچەکە (تورکیا و دەوڵەتە عەرەبیەکانی کەنداو) تێکەڵ ببێت.

لەو چوارچێوەیەشدا ئیدارەی ترەمپ لەڕێگەی تۆم باراکی نوێنەریەوە هەوڵیدا پرۆژەی بۆری نەوتی کەرکوک- بانیاس زیندوو بکاتەوە، کە لەژێر چاودێری ئەمریکادا لەنێوان عێراق و سوریادا ڕێکەوتنی لەسەر کرا، ئەم پرۆژەیە ئەگەر تەواو بێت ئامانجی گواستنەوەی نزیکەی دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراقە لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی خاکی سوریاوە، پێشبینی دەکرێت لەلایەن کۆمەڵە کۆمپانیایەکەوە جێبەجێ بکرێت، لەوانە TI Capital، UCC Holding، و Chevron پرۆژەکە بەشێکی چارەسەری ئەو قەیرانە دەکات کە ڕوبەڕوی عێراق بۆتەوە لە ئەنجامی داخستنی گەرووی هورمز، کە بۆتە هۆی دابەزینی ٨٠٪ هەناردەکردنی نەوتی عێراق.

لەمیانی سەردانەکەی زەیدی بۆ واشنتن لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزدا، عێراق ٤٨ یاداشتی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی بە بەهای نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلار واژۆکرد، دیارترینیان ئەو مۆڵەتە بوو کە بە ستارلینک* درا بۆ کارکردن لە عێراق.

سیاسەتی زەیدی بە ڕوونی لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی پاڵپشتی ترەمپە لەڕێگەی پێشکەشکردنی ئاسانکاری و ئیمتیازات بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی فشارە ئابووریەکانی لەسەر عێراق، بەتایبەتی سەبارەت بە ڕۆیشتنی دۆلار بۆ ناو بازاڕی عێراق، دەوڵەتی ئەمریکا ناردنی دۆلاری (بەستبوو) وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر عێراق بۆ پابەندبوون بە هەڵمەتی زۆرترین فشاری دژ بە ئێران، ئەمەش دوای تۆمەتەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا کە چەند بانکێکی عێراقی ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی دۆلار بۆ ئێران دەکەن، دوای سەردانەکەی زەیدی( بەستن) هەڵگیرا و واشنتنیش پرۆسەی هەڵگرتنی سزاکانی سەر حەوت بانکی عێراقی دەستپێکرد، لەنێویاندا بانکی باشوور کە لەلایەن زەیدی و بنەماڵەکەیەوە بەڕێوەدەبرێت.

ئەمەریکا لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی حکومەتەکەی زەیدیەوە، هەوڵی کەمکردنەوەی نفوزی چین و ڕووسیا لە کەرتی نەوتی عێراقیش دەدات، ئەمەش لە بەدەستهێنانی کێڵگەی نەوتی قوڕنە-2 دەستپێدەکات دوای کشانەوەی کۆمپانیای "لوک ئۆیل"ی ڕووسی بەهۆی سزاکانی واشنتن لە سەردەمی حکومەتی سودانیدا.

هەروەها لە سەردانەکەی ئەم دواییەی زەیدیدا، عێراق یاداشتنامەی ڕێکەوتنی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیە ئەمریکیەکانی وەک "Shell"، "GE Vernova"، و KBR واژۆ کرد. ئەمەش پەیوەستە بە هەنگاوی عێراق بۆ داواکردنی پشکێکی گەورەتر لەناو ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و نیازی دەربڕینی بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ترەمپ، زەیدی ئاماژەی بەوەدا کە ٣٠ ی ئەیلولی ٢٠٢٦ دوا وادە دەبێت بۆ سنورداركردنی کوتلە چەکدارەکان و "ڕادەستکردنی چەکەکانیان"، هەمان ئەو وادەیە کە بڕیارە هێزەکانی ئەمریکاش کشانەوەی خۆیان لە عێراق تەواو بکەن.

بەگشتی هەوڵەکانی حکومەتی زەیدی بۆ سنورداركردنی هێزی چەکداری، بووەتە هۆی دابەشبوونی کوتلە و گروپە چەکدارەکانی عێراق بۆ دوو کەمپ، یەکەمیان: وێڕای ئەوەی نیگەرانن لەوەی تەسلیمکردنی چەکەکانیان دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەیان و کەمکردنەوەی ئیمتیازەکانیان لەناو دەوڵەتدا، لە کاتێکدا خۆیان وەک بەشێک لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەبینن و دەوریان هەیە لە سازدانی حکومەتی عێراقدا. کەمپی دووەم: خۆی وەک بەشێک لە "میحوەری بەرگری" دەبینێت کە ئێران سەرکردایەتی دەکات.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین تائێستا هیچ پێناسەیەکی ڕوون یان چوارچێوەیەکی ڕێکارەکان بۆ پرۆسەی ڕادەستکردنی چەک، یان بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی ئەو چەکانەی کە دەبێت تەسلیم بکرێن، نییە و قسەی لەسەر نەکراوە، ئەمەش ڕێگە دەدات بە دەربازبوون لە پرۆسەکە، چونکە هەندێک لە لایەنەکان دان بەوەدا نانێن کە هیچ چەکێکیان هەڵگرتبێت جگە لەو چەکانەی کە لە کاتی شەڕی دژی داعش لە دەوڵەت وەریانگرتووە.

⇦

لە لایەکی دیکەوە، ئەو کوتلە چەکدارانەی تر ڕەتدەکەنەوە چەکەکانیان ڕادەست دەکەن، هەوڵدەدەن بوونی خۆیان جێگیر بکەن و هەوڵەکانی حکومەت لەم بوارەدا تەحەدا بکەن. نموونەی ئەمەش هێرشە دووبارەبووەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە بۆ سەر کوردستانی عێراق، کە تەنها چەند کاتژمێرێک دوای کۆبوونەوەی زەیدی لەگەڵ ترەمپ بو لە واشنتن و دوا وادەی تەسلیمبونی چەکەکانیان ڕاگەیاند.

گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە دەوڵەت لە دوای ۳۰ی ئەیلولەوە چ ڕێوشوێنێک دەگرێتەبەر بەرامبەر بەو کوتلانەی کە ڕەتیدەکەنەوە چەکەکانیان ڕادەست بکەن، ئەمەش زیاتر لەبەر ڕۆشنایی زیادبوونی فشارەکانی ئەمریکایە بۆ داخستنی ئەم مەلەفە.

عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری ڕێبەری باڵای ئێران، سەردانەکەی زەیدی بۆ واشنتن بە "مایەی پەشیمانی و خەم بۆ گەلی دڵسۆزی عێراق" وەسف کرد. سەردانەکە تەنها چەند ڕۆژێک دوای کاروانەکانی پرسەی عەلی خامنەیی لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا هات، ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی ئەم کاروانانەوە هەوڵیاندا نیشان بدەن کە زۆرینەی شیعەکانی عێراق پشتیوانی لە سیاسەتی ئێران دەکەن، لە کاتێکدا زەیدی هەوڵیدا هەر زیانێکی ئەگەری کەم بکاتەوە کە کاروانەکانی پرسە لە عێراق دەتوانێت زیان بە سەردانەکەی خۆی بۆ واشنتن بگەیەنێت، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرۆک ئەرکانی خۆی ڕاسپارد کە سەرۆکایەتی ئەو لێژنەیە بکات کە بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی مەراسیمەکان، هێزەکانی حەشدی شەعبی و دەزگاکانی دیکەی حکومەتی عێراق ئامادەکاریەکی بەرفراوانیان کرد، لەوانە ئاراستەکردنی فەرمانبەران بۆ بەشداریکردن و چالاکیەکە لە میدیای دەوڵەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نزیک لە ئێرانەوە ڕۆماڵی بەرفراوانیان بۆ مەراسیمەکە کرد.

پێدەچێت لایەنە سیاسیەکانی شیعە بە تامەزرۆییەوە بیانەوێت بە کەمترین زیان ئەم قۆناغە تێپەڕێنن، بۆیە خۆیان لە هاوئاهەنگی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەگەڵ ئێران لە جەنگدا دەپارێزن، هەروەها هەوڵەکانی زەیدی بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە بەرامبەر بەڵێنی ناڕووندایە بۆ سنووردارکردنی چەکداری و دابینکردنی سوودی ئابووری بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان، هەروەها پەیرەوکردنی نزیکبونەوە لەگەڵ حکومەتی ئەحمەد شەرعی سەرۆکی سوریا، بێدەنگیان لێکردووە.

سەبارەت بە بەئامانجکردنی دەوڵەتانی کەنداو لەلایەن کوتلە عێراقیەکانەوە لەماوەی شەڕی ئەم دواییەدا، حکومەتەکەی زەیدی تەنها بەیاننامەیەکی ئیدانەکردنی دەرکرد و داوای کرد دەوڵەتانی کەنداو بەڵگەی ئەو هێرشانە بخەنەڕوو!.

ڕۆشنە کە حکومەتی زەیدی و زۆربەی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی پێیان باشە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە قۆناغی ئێستادا ئیمتیازاتێک پێشکەش بە ئەمریکا بکەن و پەیوەندیان بە ئێرانیشەوە ڕاگرن. لە ئاستی سیاسیشدا، بە لەبەرچاوگرتنی سەرقاڵبونی ئێران بە ململانێ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و هەروەها هەڵوێستی توندوتۆڵی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر بە سەرکردە کوتلە عێراقیەکان، ئاماژەیە بە هەوڵی دابەزینی ڕێژەیی کاریگەری ئێران لە عێراقدا. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نفوزی ئێران کە بە قوڵی لە ناو دەوڵەت و کۆمەڵگای عێراقدا ڕەگی داکوتاوە بە تەواوی لە دابەزیندایە. شایانی باسە کە زەیدی لە ۲۳ی تەمموزەوە سەردانەکەی بۆ تاران دەستپێکرد، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی نیشان بدات کە عێراق پابەندە بە پاراستنی پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ ئێراندا.

وا دیارە حکوومەتی زەیدی، هاوکات لەگەڵ زۆربەی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، پێیان باشە لە قۆناغی ئێستادا بە ستراتیژی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان نزیک ببنەوە، ئیمتیازاتێک پێشکەش بە ئەمەریکا دەکەن بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان بۆ سەر عێراق لە کاتی تێکچونی دۆخێکی ئابووری کە بەهۆی دابەزینی هەناردەکردنی نەوتی عێراق، بەهۆی داخستنی گەرووی هورمزەوە خراپتر بووە، بەڵام مەرج نییە ئەمە بەو مانایە بێت کە حکومەتەکەی زەیدی خەریکە ڕێوشوێنی توند لە دژی کوتلە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران بگرێتەبەر، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە. یەکەم: ئەم کوتلانە بەشێکن لە چوارچێوەی هەماهەنگی و هێڵێکی بنەڕەتی بەرگری بۆ دەسەڵاتدار و داینامیکی دەسەڵاتی ناوخۆیی پێکدەهێنن. دووەم: دەرئەنجامەکانی شەڕ و ململانێی ئەگەری ئەمریکا و ئێران تا ئێستا ناڕوونە و کۆتاییەکەی دیار نیە. سێیەم: هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لەگەڵ ئەم کوتلانەدا دەتوانێت ململانێی ناوخۆیی لەنێوان هێزە شیعەکاندا بخاتەگەڕ.

لە کۆتاییدا پێدەچێت سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی سەردەمی ترەمپ بە کەمترین زیانەوە بێت، ئەمەش ڕێبازێکە کە زەیدی دەیەوێت بەرجەستەی کاتەوە، بەڵام تاچەند دەتوانێت لەم گێژاوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی کە بنکەیەکی سیاسی سەربەخۆی نییە و ناتوانێت سەنگەر لە هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بگرێت، لەئەنجامدا کردەوەکانی سنووردار دەکرێن کاتێک لەگەڵ بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی هێزە باڵادەستەکانی شیعەدا بەریەکدەکەون، بۆیە تەنها سیاسەتێکی خۆپاراستن دەگرێتە بەر، بۆ سەقامگیر بونی پێکهاتەی ڕژێمی تائیفی و دەوری چوارچێوەی هەماهەنگی، کە لە نێوان پەرەسەندنی شەڕو ململانێی ئەمریکا و ئێران و قەیرانی سیاسی و ئابووریدا ڕاوەستاوە.

---

*ستارلینک، خزمەتگوزاریەکی پێشکەوتوی ئینتەرنێتی مانگی دەستکردە، کە لەلایەن کۆمپانیای سپەیس ئێکسی ئیلۆن ماسکەوە بەڕێوەدەبرێت. پشت بە تۆڕێکی فراوانی مانگە دەستکردەکان دەبەستێت کە لە خولگەی زەوی نزمدان بۆ دابینکردنی ئینتەرنێتی خێرا و کەم شاراوە بۆ ناوچەی دوور و ناوشارەکان وەک یەک. کارپێکردن و هاتنە ناو بازاڕی عێراق لەم دواییانەدا بە فەرمی ڕاگەیەندرا.

# ڕێکەوتنی مەککە!

## نووسینی: عەبدوڵا مەحموود

ئەم هەفتەیە هەر یەک لە عەرەبستانی سعوودیە، تورکیا و پاکستان، ڕێکەوتنامەیەکی بەرگری هاوبەشیان واژۆ کرد. بەپێی ڕێکەوتنامەکە ئەگەر هەر یەکێک لەم دەوڵەتانە ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماردان بێتەوە، بەمانای هێرشە بەسەر هەر سێ وڵاتەکە. ئەو هاوپەیمانیتییە سێ قوڵییە، وەک ڕێکەوتنامەیەکی بەرگری و زۆرێکیش وەکو هاوشێوەی هاوپەیمانیەتی ناتۆ، لەناوچەکە، بەڵام بۆ وڵاتانی ئیسلامی "سوننە" ئاماژەی پێدەکەن.

ئەم ڕێکەوتنامە یان هاوپەیمانیتییە، یەکێک لە ئاکام دەرهاوێشتەکانی گورزی ٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٣ و جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر ئێرانە، لەچوارچێوەی ئارایشی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەدا.

جەنگی ئەمریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، دۆخی تەواوی ناوچەکەی بەرەو ئاڵوگۆری بەرجەستە بردووە، یەکێک لە بەرجەستەترین ئەو ئاڵوگۆڕانە، تێکچوونی دۆخی ئاسایی وڵاتانی ناوچەکەو کەنداو بوو. کەنداو کە جێگایەکی ئارام و خاوەنی ئاسایش بۆ سەرمایەو سەرمایەگوزاری بوو، لەگەڵ بەرین کردنەوەی جەنگ لەلایەن ئێرانەوە، بەمەبەستی چەند بەرە کردنەوە جەنگ دژی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی و هەراسانکردنی، گوردرا بە گۆرەپانێکی نا ئەمن و لەوەش زیاتر کاریگەری خستە سەر بازاری وزەو نەوت و ئابوری ئەم ناوچەیەو جیهان.

ئەمریکا کە خاوەنی ڕیکەوتنامەی تایبەت لەگەڵ هەر کام لەو وڵاتانەی کەنداو و لەبەرامبەردا خەریکی دادۆشینیان بوو، پارێزگاری لە ئاسایشی ئەو وڵاتانەی بە یەکێک لە ئەرکەکانی خۆی دەزانی، بەڵام لەم جەنگەدا دەرکەوت بوونی هێزەکانی ئەمریکا تیایاندا، لە جێگای ئەوەی لە حاڵەتی جەنگ و مەترسیەکانی بۆسەریان ڕۆڵ و نەخشی خۆی بگێرێت و پاراستنیان وەکو پێویست لە عۆدە بگرێت، بەکردەوە بووە هۆکارێک بۆ نائارامی و سەرچاوەیەکی مەترسی بۆسەریان، بەتایبەتی کە پشتیوانی بێ سنوری ئەمریکا لە ئیسرائیل و کردەوەکانی، تەواوی ناوچەکەو وڵاتانی خستبووە بەردەم هەژموون و هەرەشەی واقعی و نزیک مەوداو درێژ مەودا، جیا لەوانە بانگەشەی ئەمریکا سەبارەت بە توانایەکانی بۆ بەرگری لە وڵاتانە لەو ئاستەدا نەبوو، کە ڕیگری تەواو لە موشەک و شەپۆلە درۆنیەکانی ئێران بکات. ئەو واقعیەتە هەر زۆر زوو بەشی زۆری بەرپرسانی وڵاتانی کەنداوی لەو مەترسییە بێدار کردەوە و ناچاریکردن بەدوای ڕێ و شوێنی تردا بگەڕێن بۆ بەرگری لە خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان.

هەر کام لە وڵاتانی بەشدار بوو لەو هاوپەیمانیتیەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕیکەوتنامەکەیان بەرگرییەو دژی هیچ وڵات و دەوڵەتێک نییە، بەڵام لەدنیای واقعیدا و لە جەرگەی ملمڵانێ و جەنگێک کە سایەی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا کێشاوەو بۆتە هۆی سەرپێخستنی ڕیزبەندی نوێ، ناتوانرێت تەنها وەکو ڕیکەوتنامەیەکی سادە و بێ مەترسی لێک بدرێتەوە.

هاوپەیمانیەتی سێ وڵات کە توانای ئابوری، و سەربازی و جیوسیاسی و تەنانەت ئەتۆمی، کۆیان دەکاتەوە بە ناسنامەیەکی مەزهەبی!! هاوبەشەوە لە دڵی هەلومەرجێکی ئاڵۆزکاو ناسەقامگیری ئێستادا، ناکرێت وەکو ڕێکەوتنامەیەکی سادە و ئاسایی تەماشا بکرێت، لەوەش زیاتر پیشبینی دەکرێت وڵاتانی تر پێوەی پەیوەست بن، یان هاوپەیمانیەتی تر پێک بێن.

ئەم حاڵەتە لە پێگرتنی هاوپەیمانیەتی سەربازی و بەرگری و ئاسایشی نوێ و تازە، ناوچەکە دەکاتە مەیدانی چەندین جەمسەری گەورەو بچوک لەپاڵ بلۆک بەندییە ناوچەیی و جیهانیەکاندا، ئەوەش هێندەی ڕیگایەکە بۆ بەرگری لەخۆکردن و پاراستنی ئاسایش، دەتوانرێت مەترسی جەنگی فراوانتری واوەتر لە دەوڵەتی بەدوای خۆیدا بهێنێت. واتە جەنگی جەمسەرو هاوپەیمانیتیەکان جێگای جەنگی وڵاتی بگرێتەوە.

بێگومان ئەو هاوپەیمانیتییە، کە ڕەنگدانەوەو دەرهاویشتەی جەنگ و مۆری ناتوانایی ئەمریکایی پێوەیە لە پاراستنی دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بە زیانی ئەمریکا و لەوانەشە بەچوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکە تەواو بێت. ئەوەش وادەکات ئەو وڵاتانەو وڵاتانی تری ناوچەکە، بەناچاری ڕێ و شوێنی بەرگری و پاراستنی ئاسایشی خۆیان بگرنە بەر و تونایە سەربازییەکانیان فراوانترو بەهێزتر بکەن، و لەپاڵ هەر هاوپەیمانیەتێکی پێشوویاندا، کەڵک لە هاوپەیمانیەتی ناوچەیی تازە، وەربگرن.

دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێک لەو وڵاتانەیە کە نیگەرانی ئەم ڕێکەوتنەو هەر هاوپەیمانیتیەکە کە لەناوچەکدا پێک بێت، چونکە باڵانسی هێز دەگۆرێت و پێگەی ئیسرائیل دەشڵەقێنی و لاوازی دەکات.

ئێران وەکو جەمسەرێکی ناوچەیی، لە مەودای نزیکدا ئەم ڕیکەوتنە بە سودی خۆیی و تەنانەت سەرکەوتنێک تەماشا دەکات، بەتایبەت ئەگەر ئەو هاوپەیمانیتییە و ئەو ویستەی ئێران کە چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە، رووبدات. چوونە دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە بەزیانی

دەوڵەتی ئیسرائیل و بە سودی ئیران تەواو دەبێت. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کەئەگەر ئیران لەم جەنگەدا سەرکەتوو بێتە دەرەوە، بەهێز تر لە پێش جەنگ دەردەکەوێت و لە ناوچەکەدا پێگەی خۆی قایم دەکاتەوە.

تا ئەو جێگایەی بەوە دەگەڕێتەوە کە ئایا ئەم هاوپەیمانیتییە دەتوانێت لە دنیای واقعیدا پیادەبکرێت، دەتوانرێت لە حاڵەتی هێرش بۆسەر یەکێک لەو وڵاتانە هەرسێ وڵات هاوئاهەنگی بکەن و بەرگری لە بەرژەوەندی هاوبەشی یەکتر بکەن، ئەوە مەسەلەیەکی تایبەت و دەشێ جێگای مشتومڕ بێت. ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەجیا لە دەوڵەتەکان، چەندین بکەری نادەوڵەتی بەهێز تیادا کاران، لە هەندێ شوێن هەژموونیان لەخودی دەوڵەت زیاترە، تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی ئەو دەوڵەتانەیان بە دەستەوەیە یان دەوڵەتی نافەرمی بەهێزن لە دەوڵەتە ڕەسمیەکەدا.

هێرشی حوسییەکان یان حزب الله و حەماس و گرووپە چەکدارەکانی عێراق، بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا، چۆن دەکرێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت... ئایا هێرش بۆسەر سعودییە لەلایەن حوسیەکان یان گرووپەکانی عێراقەوە، دەتوانرێت ببێتە هۆکارێک بۆ وەڵامدانەوەی هەر سێ وڵات بۆسەر گرووپەکان؟ ئایا هێرش بۆسەر ئەو گرووپە چەکدارانە کە راستەوخۆ خۆیان بە بەشێک لە هێزی بەرگری "مقاوەمە" دەزانن کەدەوڵەت و جەمسەرێکی وەکو ئیران پشتیوانیان دەکات، یان لە عێراقدا نوێنەرایەتی سیاسی دەکرێن، و بەشیان لەحکومەت و پەرلەماندا هەیە، نابێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی ناوچەیی... ئەوانە پرسیار گەلێکی واقعیین، کە لەداهاتوودا دەکرێت وەڵام وەربگرنەوە.

☆

# کارەبا مافە نەک کاڵا ؛ با "ڕووناکی" نەبێتە سزای هەژاری!

## نووسینی: توانا محمد نوری

کارەبا لەم سەردەمەی ئێمەدا وەک ئۆکسجین وایە، بۆیە بڕینی لەو خێزانانەی کە پارەی قەرزی کۆنیان پێنادرێتەوە، تەنها بڕیارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر کەرامەتی مرۆڤ. کاتێک دەسەڵات دەڵێت "یان پارە بدە یان لە تاریکیدا بژی"، لەڕاستیدا خەریکە پێمان دەڵێت کە مافی ژیان و حەوانەوە تەنها بۆ ئەوانەیە کە گیرفانیان پڕە. بڕینی کارەبای ماڵێک، واتە پەکخستنی ژیانی ئاسایی خێزانێک کە ڕەنگە تەنها تاوانەکەی ئەوە بێت کە لە سیستەمێکی نادادپەروەردا دەژی و داهاتی نییە.

ئەم پرۆژە نوێیەی ناویاننناوە "ڕووناکی"، کاتێک مانای دەبێت کە هەموو ماڵێک ڕووناک بکاتەوە، نەک ببێتە ئامرازێک بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی "دەتوانن" لەوانەی "ناتوانن". ئەگەر ئەم پرۆژەیە ببێتە هۆی ئەوەی ماڵە دەوڵەمەندەکان ٢٤ سەعات کارەبایان هەبێت و ماڵە هەژارەکان بەهۆی قەرزەوە لە تاریکیدا بن، ئەوا ئەمە پرۆژەی ڕووناکی نییە، بەڵکو پرۆژەی دروستکردنی جیاکاری و ستەمە. کاتێک حکومەت وەک دوکاندار مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکات، مرۆڤ لە "خاوەن ماف"ەوە دەبێتە "کڕیار" و ئەمەش گەورەترین مەترسییە.

با کەمێک سەیری واقیعەکە بکەین؛ چۆن دەکرێت داوای قەرزی چەند ساڵە لە فەرمانبەر یان کرێکارێک بکەیت کە خۆی چەندین مانگ مووچەکەی نەدراوە؟ ئەمە هاوکێشەیەکی نالۆژیکییە. تۆ نانی خەڵکت بڕیوە و ئێستا دەتەوێت ڕووناکیشیان لێببڕیت، تەنها لەبەرئەوەی ناتوانن باجی ئەو قەیرانە بدەنەوە کە خۆیان دروستیان نەکردووە. لە هەرێمێکدا کە بێکاری لە نێوان گەنجاندا زۆرە و بەشێکی زۆری خەڵک لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین، چۆن چاوەڕوان دەکرێت قەرزێکی کەڵەکەبووی چەند ملیۆنی بدەنەوە؟

ئەوەی جێگەی داخە، نادادییەکەیە لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانەدا. لەکاتێکدا هەڕەشە لە ماڵە هەژارەکان دەکرێت بۆ بڕینی کارەباکانیان لەبەر قەرزێکی بچووک، دەبینین کۆمپانیا زەبەلاحەکان، کارگەکان و پرۆژە نیشتەجێبوونە "شاهانەکان" بە ملیارەها دینار قەرزی کارەبایان لایە و کەس ناوێرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات. یاسا لێرەدا تەنها بۆ بێدەسەڵاتەکانە؛ دەوڵەمەندەکان لەژێر تیشکی کارەبای بێبەرامبەردا دەحەوێنەوە، بەڵام منداڵی هەژار دەبێت لەبەر تیشکی مۆم وانەکانی بخوێنێت.

کارەبا نابێت وەک "کاڵا" سەیر بکرێت کە تەنها ئەوانە دەستیان بکەوێت کە پارەیان پێیە. کارەبا، ئاو، تەندروستی و خوێندن دەبێت وەک مافی سەرەتایی هەموو مرۆڤێک بناسرێن. ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە کە وزە بۆ هەمووان دابین بکات بێجیاوازی. کاتێک کارەبا دەبڕدرێت، تەنها گڵۆپێک ناکوژێتەوە، بەڵکو سەلاجەی ماڵێک دەوەستێت و خواردنەکان خراپ دەبن، نەخۆشێک کە پێویستی بە ئامێری هەناسەدانە دەکەوێتە مەترسییەوە، و کەرامەتی باوکێک یان دایکێک

⇦

لەبەرچاوی منداڵەکانیدا دەشکێت.
ئەمە توندوتیژییەکی شاراوەیە دژ بە خەڵک.

ئەم جۆرە بڕیارانە، مرۆڤ دەگۆڕن بۆ تەنها ژمارەیەک. ئەوانەی ئەم بڕیارانە دەدەن، لە پشت مێزەکانیانەوە تەنها ژمارەی قەرزەکان دەبینن، نەک ئەو دڵەڕاوکێ و خەمەی کە شەوانە دێتە ڕێی دایک و باوکێکی دەستکورت. ئەوان نابینن کە چۆن بڕینی کارەبا دەبێتە هۆی دابڕانی خەڵک لە ژیان و زیادبوونی نا ئومێدی.

لێرەدایە کە سیستەمی "قازانج و پارە" دەبێتە دوژمنی سەرسەختی "مرۆڤ و ژیان".

کۆمەڵگەیەکی شایستە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا هیچ ماڵێک لە تاریکیدا نامێنێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی پارەی پێ نییە. پێویستە کارەبا وەک خزمەتگوزارییەکی گشتی و بێبەرامبەر بۆ هەموو خەڵک دابین بکرێت.

خەبات بۆ کارەبا، تەنها خەبات نییە بۆ گڵۆپێکی داگیرساو، بەڵکو خەباتە بۆ یەکسانی و بۆئەوەی چیتر هەژاری نەبێتەهۆی ئەوەی مرۆڤ لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان بێبەش بکرێت. جیهانێک کە تێیدا تیشکی کارەبا بەسەر هەمووانـدا وەک یەک دابەش دەبێت، جیهانێکی مرۆییتر و جوانترە.

★

# پێکەوەگرێدانی هورمز و بابلمەندەب!

## عوسمانی حاجی مارف

مەترسی ڕاستەقینەی ڕۆڵی حوسییەکانی یەمەن، لەوەدایە کە هەر هەوڵێک ئەیدەن بۆ داخستنی گەرووی بابلمەندەب یان تێکدانی کەشتیوانی بە قەبارەیەکی گەورە، لە بنەڕەتدا سروشتی خودی ململانێ و شەڕی ئەمریکا و ئێران دەگۆڕێت، واتا دەبێتە ڕووبەڕووبونەوەیەک کە کاریگەری لەسەر بەرەنگاربونەوەی نێوان واشنتۆن و تاران هەیە، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی لەبەردەم قەیرانێکدا دەبینێتەوە، کە هەڕەشە لە سەر یەکێک لە گرنگترین خوێنبەرەکانی بازرگانی جیهانی دەکات.

هەوڵی هەریەک لە حوسییەکان و کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنها بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مەترسی ئەمنی و بە ئامانجگرتنی چەند کەشتییەک، یان تەنانەت هەڕەشەکردن لە کەشتیوانی دەتوانێت بەس بێت بۆ بەرزکردنەوەی تێچووی کەشتیوانی و تێکدانی بازاڕە جیهانییەکان، بەبێ ئەوەی پەرەبستێنێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەریایی تەواو، کە کاردانەوەکانی ئەستەمە کۆنتڕۆڵ بکرێت.

گروپی حوسییەکان نەک هەر لە هەوڵی هەڕەشەکردن لە کەشتیوانی لە دەریای سووردا، بەڵکو بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕێساکانی بەڕێوەبردنەکەی، بەرەو هەنگاوی سەپاندنی ڕسوماتن بەسەر ئەو کەشتیانەی کە لە گەرووی بابلمەندەبدا تێدەپەڕن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاریە لە ستراتیژی تێکدانی کەشتیوانیەوە وە هەوڵدان بۆ گۆڕینی یەکێک لە گرنگترین خاڵە خنکێنەرە دەرییاییەکان لە جیهاندا، بۆ سەرچاوەیەکی کاریگەری سیاسی و ئابووری، ئەم هەنگاوە ئاوێنەی ئەو مۆدێلەیە کە ئێران لە گەرووی هورمز دەستی بە پەرەپێدانی کردووە و قۆناغێکی نوێ لەبەرامبەر ئازادی کەشتیوانی نێودەوڵەتی دەکاتەوە.

دیارە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، تەنیا لە کەنداوی عەرەبی و گەرووی هورمزدا قەتیس نەماوە، بەڵکو دەستی کردووە بە درێژبوونەوە بەرەو دەریای سوور، کە گەرووی بابلمەندەب وردە وردە دەبێتە یەکێک لە مەترسیدارترین شێوە لە شانۆکانی ڕووبەڕووبونەوە، ئەم گەرووە کە خوێنبەرێکی گرنگە بۆ بازرگانی جیهانی، ئێستا لە ڕێگەی حوسییەکانەوە، چەقۆیەکی موزایەدەی زیاد بۆ تاران دابین دەکات، کە کەمتر نییە لە توانا تەقلیدیەکەی بۆ هەڕەشەکردنی کەشتیوانی لە کەنداو، بەمەش هەڕەشەی فراوانکردنی بازنەی ململانێکان لە کەنداوەوە تا دەریای سوور دەکات.

لەگەڵ پەرەسەندنی گرژیەکان لە نێوان گروپی حوسییەکان، لە لایەک و حکومەتی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی یەمەن و سعودیە لە لایەکی دیکەوە، ئاماژەکان زیاتر دەبن بۆ ئەوەی یەمەن ببێتە گۆڕەپانی شەڕی داهاتوو لە ململانێی ئەمریکا و ئێراندا، کە کاردانەوەکانیش لە دەرەوەی ناوچەکە درێژدەبێتەوە و کاریگەری لەسەر ئابووری جیهانی و ئاسایشی بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان هەیە.

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕووبەڕووبونەوەی واشنتۆن و تاران، حوسییەکان ئاستێکی سنووردراویان لە تێوەگلانی سەربازیدا پاراست، خۆیان لە ئەنجامدانی هێرشەکان لە دژی ئیسرائیل قەتیس کرد، لە هەمان کاتدا چاوەڕێی پەرەسەندنی ململانێکان بون، بەڵام پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ناو یەمەن، لەگەڵ نوێبونەوەی گرژیەکانیان لەگەڵ سعودیە، وایکردووە ئەو

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
جەمال موحسین
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

گروپە ڕووبەڕووبونەوەیەکی توندتر بگرێتە بەر، بەمەش گەرووی بابلمەندەب بگەڕێتەوە پێشەنگی حیساباتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

ئەم هەڵکشانە گوزارشت لە تێگەیشتنی حوسییەکان دەکات، کە جوگرافیا بۆتە یەکێک لە گرنگترین ئامرازە ستراتیژیەکانیان، لە کاتێکدا کە گەرووی هورمز نوێنەرایەتی هێڵی تەقلیدی ئێران دەکات بەسەر بازاڕەکانی وزەدا، بابلمەندەب توانای کاریگەری لەسەر ئەو کۆریدۆرە دەریاییە دەدات کە دەریای سوور، بە کەنداوی عەدەن و زەریای هیندیەوە دەبەستێتەوە، کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بازرگانی و دابینکردنی وزەی جیهانی کە بۆ ئەوروپا و ئاسیا تەرخانکراوە، بەو ڕێرەویەدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وا دەکات بتوانرێت لە یەک کاتدا لە دوو ئاراستەی باکووری کەنداو و باشووری دەریای سوورەوە فشار بخرێتە سەر ئابووری جیهانی.!

ئەم گۆڕانکاریە نوێنەرایەتی بازدانێکی چۆنایەتی دەکات لە سروشتی ململانێکەدا، ڕووبەڕووبونەوەکە چیتر تەنیا لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیە ئاساییەکاندا سنووردار نییە، بەڵکو ئێستا بە ئامانجگرتنی خوێنبەرەکانی ئابووری جیهانیش دەگرێتەوە، کە تێچووی هەر پەرەسەندنێک بۆ هەموو لایەنەکان بەرز دەبێتەوە، نەک تەنیا ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە ململانێکاندا.

پێدەچێت هەڕەشەکانی ترەمپ بۆ "سزادانی سەربازی گەورە" لە دژی حوسییەکان و ئێران، هەوڵێک بێت بۆ ڕێگریکردن لە هەر کارێک کە دەیانەوێت هاتوچۆی کەشتیوانی لە گەرووی بابلمەندەب تێکبدات، واشنتۆن ئەوە دەزانێت کە هەر پچڕانێک لەم ڕێڕەوی ئاوەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بازرگانی جیهانی و بازاڕەکانی وزە.

لەم چوارچێوەیەدا بابلمەندەب وردە وردە دەبێتە خاڵێکی فشار، هاوتەریب لەگەڵ گەرووی هورمز، لە کاتێکدا ئێران توانای ئەوەی هەیە هەڕەشە لە هەناردەکردنی وزە لە کەنداوەوە بکات، حوسییەکان توانایەکی زیادەیان پێدەبەخشن بۆ ئەوەی لە دیوی باشووری دەریای سوورەوە کاریگەری لەسەر بازرگانی جیهانی هەبێت، بەمەش بژاردەکانی ڕێگریکردن فراوانتر دەکات و حیساباتی ئەمریکا زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، هەروەها کاریگەری باڵای دەبێت لە زیاتر پاشەکشەکردن بە دەوری سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

گەر بەم شێوەیە دۆخەکە پەرەبستێنێت، بابلمەندەب چیتر تەنیا ڕێڕەوێکی ئاوی ستراتیژی یان درێژکراوەی ململانێی یەمەن نییە، بەڵکو دەبێتە یەکێک لە گرنگترین مۆزایەدەی ڕووبەڕووبونەوەی ناوچەیی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەگەر گەرووی هورمز دەروازەیەک بۆ فشارخستنە سەر بازاڕەکانی وزە نوێنەرایەتی دەکات، ئەوا بابلمەندەب دەبێتە دەروازەیەکی کاریگەر لەسەر بازرگانی جیهانی لە باشوورەوە، بۆیە چیتر هەر جۆرە هەڵکشانێکی حوسییەکان وەک پەرەسەندنێکی ناوخۆیی یەمەن لێکنادرێتەوە، بەڵکو وەک بەشێک لە شەڕێکی فراوانتر بۆ ئاسایشی ڕێگا دەریاییەکان و دارشتنەوەی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاکامدا بە بەرژەوەندی ئێران لێکدەدرێتەوە.

دەستپێشخەری حوسییەکان تەنیا لاسایکردنەوەی هاوپەیمانی ناوچەیی خۆیان نیە، بەڵکو درێژکراوەی کردەی ستراتیژیەکی ئێرانیە کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی هێڵی دەریایی لە نێوان گەرووی هورمز و بابلمەندەب دامەزراوە، ئەمەش ڕێگە بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەدات نەک تەنها ڕووبەڕووی یەک تەحەددا، بەڵکو ڕرووبەڕووی دوو بەرەی دەریایی بەیەکەوە گرێدراو ببنەوە.

مەترسیەکانی پرۆژەی حوسیەکان لە هەوڵداندایە بۆ دامەزراندنی پێشینەیەکی نوێ لە بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی دەریایی نێودەوڵەتیدا، ئەگەر ئێران سەرکەوتوو بێت لە گۆڕینی گەرووی هورمز بۆ کەرەستەیەکی گوشاری سیاسی، حوسییەکان سەرکەوتوو بن لە دووبارەکردنەوەی هەمان مۆدێل لە بابلمەندەب، ئەوا ململانێکان تەنها لە ئازادی کەشتیوانیدا سنووردار نابێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ دووبارە کێشانەوەی یاساکانی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی جیهانی و گۆڕینی ڕێگا دەریاییەکان لە فەزای نێودەوڵەتیەوە بۆ مۆزایەدە لە ململانێکانی ناوچەکەدا.

ئێران تەنیا پشت بە دەسەڵاتی سەربازی نەبەستووە، هەوڵدەدات ئەو جوگرافیایەی کە کۆنترۆڵی یەکێک لە گرنگترین خاڵە خنکێنەرە دەریاییەکانی جیهان پێی بەخشیوە، بگۆردرێت بۆ سەرچاوەیەکی کاریگەری سیاسی درێژخایەن.

ڕەنگە لەم نێوەدا گرنگترین وانە و ئەزمون بۆ ئێران ئەوە بێت، کە ئاسایشی گەرووی هورمز و بابلمەندەب چیتر تەنیا خەمی ئێران یان کەنداو و ناوچەکە نەبێت، بەڵکو بووەتە پرسێک کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری تەواوی سیستەمی ئابووری نێودەوڵەتی هەیە. ئەمەش ئاسایشی بابلمندەب دەکاتە پرسێک کە حیساباتی سەربازی تێدەپەڕێنێت بۆ شەڕێکی پەیوەست بە سروشتی دەوڵەت و ناسنامەی دەسەلات لە کەناراوەکانی دەریای سووردا، لە هەمانکاتدا ئاستی ململانێ جیهانیەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا بە ئاقارێکی تردا بە ڕێدەکات.

ڕێگا دەریاییەکان چیتر بارمتەی ململانێی نێوان دوو دەوڵەت نین، بەڵکو بوونەتە جێگەی ڕەشبگیری گروپە نێودەوڵەتیەکان و گۆڕینی ئاستی هاوسەنگی لایەنەکان بەدەوڵەتەکان و گروپە میلیشیاکانەوە، ئێتر ئەمە ساتێکە لەئاستی جیهاندا کە تەنیا هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان لێکنادەتەوە، چونکە پێویستی بە پێناسەکردنەوەی چەمکی ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و دەرچوون لە قەیران و بارگرژی و جەنجاڵی هەیە!؟

☆